christian peacemaker teams

# ڕاپۆرتی زیندانیانی بادینان

**پەیوەند بە ڕووداوەکانی مانگی ١ تاوەکوو مانگی ٣ـی ٢٠١٩**

لە مانگی ٥ـی ٢٠٢٠ـدا بڵاو کراوەتەوە.


**پوختەی باس**

لە مانگی ١ـی ٢٠١٩ـەدا ژمارەیەک خۆپیشاندان بەڕێوە چوون لە هەرێمی بادینانی کوردستانی عێراق.

هێزە سەربازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ١١٣ کەسیان دەستگیر کرد بەهۆی بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندانەکانی «شیلادزێ» و «دهۆک» (دەکەونە سنووری هەرێمی بادینان). هەشتاودوو کەسیان ئازادکران لە ماوەی ٢٤ کاژێردا.

ڕاپۆرتی زیندانیانی بادینان بەڵگەنامەی گرتن، زیندانیکردن و ئازادکردنی ئەوە خەڵکانەیە کە زیاتر لە ٦ ڕۆژ دەستبەسەر بوون.



Suleimani, Iraqi Kurdistan ● cptiraq@cpt.org ● www.facebook.com/cpt.ik ● www.cptik.org
Tel: +964 770 762 0641 (English) ● 0770 291 6487 کوردی

## پێرست

**مێتۆدۆلۆژیی ڕووماڵەکە**

**تۆماری ڕووداوەکانی مانگی ـی ٢٠١٩، کە بووە هۆی دەستگیرکردنی زیندانیانی بادینان.**

**هۆکار و دەرئەنجامی دەستگیرکردن و تاوانبارکردنی خۆپیشاندەران**

**ڕێوشوێنە یاساییەکان**

**ئازادکردن**

**بارودۆخی زیندان: ئەشکەنجەدان، هەڕەشە و زۆرەملێ**

هەڕەشە و زۆرەملێ

**هەڕەشە و چاودێری دوای ئازادبوون لە زیندان**

**دەرئەنجام**

## مێتۆدۆلۆژیی ڕووماڵەکە

ئەو ڕاپۆرتە بە جودا باسی زیندانیکراوەکانی «شیلادزێ» و «دهۆک» دەکات و تیشک دەخاتە سەر گەواهیی شایەتەکان و پارێزەرە دڵخوازەکان.

سەرجەمی دیدارەکان لەگەڵ زیندانیکراوەکانی بادینان لە لایەن ئەندامانی ڕێکخراوی تیمەکانی بوونیادنانی ئاشتی مەسیحی لە کوردستانی عێراقەوە ئەنجامدراون، دوای ئازاد کردنیان.

لەکۆی سیویەک کەسی زیندانیکراو کە دوای بیستوچوار کاژێر ئازاد کران، ١٥ کەسیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، بە هەمان شێوە دوو کەس کە زیندانی کرابوون و هەمان ڕۆژ ئازاد کران چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دراوە. لەو ١٥ کەسە، حەوت کەسیان بەهۆی بەشدارییان لە خۆپیشاندانە پلان بۆ دانراوەکەی «دهۆک» و هەشت کەسیان بەهۆی بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکانی «شیلادزێ» دەستگیر کرابوون.

بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان بە دڵخوازی دیدارەکانیان ئەنجام داوە، بەڵام ترسیشیان هەبوو لەوەی کە بکرێنە ئامانج لەبەرانبەر دەرپڕینی ناڕەزایەتییان. هەر لەبەر ئەوەشە، ئەو ڕاپۆرتە ناسنامەکەیان بە نهێنی دەهێڵێتەوە.

# تۆماری ڕووداوەکانی مانگی ١ـی ٢٠١٩، کە بووە هۆی دەستگیرکردنی زیندانیانی بادینان

٢٣ـی مانگی ١
لە ناوچەی «دێرەلووک». چوار کەس کوژران و دوو کەسیش بێسەروشوێن بوون لە ئەنجامی بۆمبارانەکانی سەربازیی تورکیا.

٢٥ـی مانگی یەک
خۆپیشاندانێک لە «دێرەلووک» ساز کرا لە لایەن خێزانی کوژراوەکان و بێسەروشوێنەکان. بەیاننامەیەکیان خوێندەوە کە تێیدا داوای کۆتاییهێنانی بۆمبارانەکان و ڕۆیشتنی پەکەکەیان کرد لە ناوچەکە.

٢٦ـی مانگی یەک
خۆپیشاندانێک لە «شیلادزێ» ساز کرا بۆ دووپاتکردنەوەی هاوبەندیی خۆیان لەگەڵ کوژراوانی «دێرەلووک». توندوتیژی ڕووی دا و بارەگەی سەربازیی تورکیا پەلامار درا. کەسێکی چواردە ساڵی سڤیل و سەربازێکی تورکی تەمەن ٢٠ ساڵی کوژران. نێزیکەی ٤٠ کەسیش دەستگیر کران.

٢٧ـی مانگی یەک
لە دەرئەنجامی ڕووداوەکانی «شیلادزێ» بە لایەنی کەمەوە دوو کەسی دیکەش دەستگیر کران. یەکێک لە ڕێکخەرەکانی کۆبوونەوە جەماوەرییە پلان بۆ دانراوەکەی «دهۆک»یش دەستگیر کرا.


٢٨ـی مانگی یەک
کاژێر ٤ی ئێوارە، پلانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بۆ کۆتاییهێنان بە بۆمبارانە سنوورییەکانی تورکیا و پشتگیریکردنی خۆپیشاندانەکانی «دێرەلووک» و «شیلادزێ» لە پارکی «نەورۆز» لە «دهۆک» ساز کرابوو. نێزیکەی ٨٠ کەس دەستگیرکران بەهۆی سازکردنی پلانی کۆبوونەوە جەماوەرییەکە و لە «شیلادزێ»ـش ٥ کەسی دیکە دەستگیر کران.

٣٠ـی مانگی یەک
بەهۆی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی «شیلادزێ» بە لایەنی کەمەوە کەسێکی دیکە دەستگیر کرا

## هۆکار و دەرئەنجامی دەستگیرکردن و تاوانبارکردنی خۆپیشاندەران

بەگوێرەی گوتەی پارێزەرە دڵخوازەکان، لە دوای ڕووداوەکانی مانگی ١مەوە ١٣٣ کەس دەستگیر کرابوون بەبێ بڕیاری دادگە. لە «شێلادزێ»، نزیکەی ٤٠ کەس دەستگیر کرابوون کە زۆربەیان دوای چەند ڕۆژێک ئازادکران. لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی «دهۆک» کە بڕیار بوو ساز بکرێت، نێزیکەی ٨٠ کەس دەستگیر کرابوون. هیچ لە خێزانی زیندانییەکان ئاگەدار نەکرابوون لە دەستگیرکردنەکەیان لە لایەن پۆلیس یان ئاسایش.[1] خێزانەکانیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بێئاگا بوون لە شوێنی زیندانیکردنی دەستگیرکراوەکان و ڕەوشیان. لەو ١٥ کەسەی کە دیداریان لەگەڵ ئەنجامدراوە بۆ ئەو ڕاپۆرتە، سەرجەمی ٧ کەسەکەی کە دەستگیرکرابوون لە «دهۆک» و سێ کەسیش لە ٨ دەسگیراوەکەی «شێلادزێ» باوەڕیان وابوو کە هۆکاری دەستگیرکردنەکەیان پەیوەندیی بە خۆپیشاندانەکانەوە نەبووە، بەڵکوو پەیوەندیی هەبووە بە ئەندامێتییان لە پارتێکی سیاسی دیکە یان چالاکییەکانی پێشوویان لەگەڵ جڤاکی مەدەنی یاخود ناڕەزاییان بەرانبەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

دوای دەستگیرکردنی خۆپیشاندەرەکان، بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک لە لایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، دەنگۆی ئەوە بە ناو خەڵکی شارۆچکەکە (ناحیەکەوە) بڵاو بێوۆە کە ئەگەری ئەوە هەیە زیندانییەکان ڕادەستی حکوومەتی تورکیا بکرێنەوە، هەروەها ئەشکەنجە دراون و بێسەروشوێن کراون. کۆمەڵێک خێزان پەیوەندییان گرت بە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، پەرۆش بوون بۆ زانینی شوێنی زیندانیکردنی دەستگیرکراوەکان و زانیاریی زیاتر دەربارەی زیندانییەکان.




"من دەمزانی کە خۆپیشاندانەکە یاسایی بوو، چونکە خەڵکی سیاسی و یاسایی بەشداربوون، هەر لەبەر ئەوەشە من بەشداریم کرد."

"دوای خۆپیشاندانەکە و ڕاماڵینی بارەگەی تورکیا، دەسەڵاتداران دەستیان کرد بە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران،

ئاسایش دەزگەی زانیاری و ئاسایشی کوردستانی عێراقە و لەنزیکەوە کار لەگەڵ پارتە سیاسییەکان دەکات. لە پارێزگەکانی «هەولێر» و «دهۆک»،
[1] ئاسایش لەژێر چەتری پارتی دێمۆکراتی کوردستاندا کار دەکات و لە «سلێمانی»ـیش، لەژێر چەتری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا کار دەکەن.

خەڵکیان بە هەڕەمەکی دەستگیرکرد و سێرەیان خستە سەر دەنگە ناڕازییەکان، چالاکوانەکان و ڕۆژنامەنووسان."

زیندانیکراوەکانی دوای خۆپیشاندانەکەی شیلادزێ

"بینیمان کە پارکەکە بە ئاسایش دەوری گیرابوو، هەر لەبەرئەوە چووین بۆ چایەخانەیەک. ئاسایش کە پۆشاکی سڤیلیان کردبووە بەر بەرەو ڕوومان هاتن و داوای ناسنامەیان لێ کردین، هەرچەندە دەیانزانی کە پێمان نەبوو و بە پاڵ خستیانینە ماشینەوە. بەر لەوەی بگەینە بارەگەی سەرەکیی ئاسایش، لەبەردەم بارەگەیەکی پارتی دێموکراتی کوردستان وەستاین، دواتر کەسێک هات و تەلەفۆنەکانیان بردین."

"تەنها ٧ کەسیان بردینە بارەگەی سەرەکیی ئاسایش و دواتریش بردیانین بۆ زیندانی «زێرکە». هەموو ئەوانەیان ئازادکردن کە ئەندامی پارتە سیاسییەکان بوون."

"ئێمەیان دەستگیر کرد تاوەکوو دەوڵەتی تورکیا ڕازی بکەن و چالاکوانە مەدەنییەکانی دیکە بترسێنن، بەڵام دوای ٢١ ڕۆژ ئازادیان کردین چونکە دەیانزانی کە هیچمان نەکردبوو."

"من گەیشتمە پارکەکە و ئاسایشی لێبوو، لەبەرئەوە بڕیارم دا شوێنەکە بەجێ بهێڵم. هەوڵمدا بڕۆم بابۆڵەیەک بکڕم و بە تەلەفۆنیش لەگەڵ دۆستەکانم قسەم دەکرد. ئاسایش بانگیان کردم بەناوی خۆم و هاتنە لام. منی دەناسی بەهۆی کارەکانم وەکوو چاودێری هەڵبژاردنەکان و ناڕەزایەتییەکانم بەرانبەر بەگەندەڵێ. ئەو کاتە هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکردم و ئێستەش بەناوی خۆمەوە بانگم دەکات."

زیندانیکراوەکانی کۆبوونەوە جەماوەرییە پلان بۆ دانراوەکەی «دهۆک».

"شەوێ دواتر کە دەورووبەری نیوەشەو بوو، بیجامەم لەبەردا بوو و هەوڵم دەدا بخەوم، کاتێک ئاسایش لە دەرگەی ماڵەکەیان دام و بە بەرچاوی خێزانەکەمەوە دەستگیریان کردم. ئەشکەنجە نەدرام، بەڵام بێڕێزیی زۆریان پێ کردم لە ماشین. پرسیاری زۆر سەیریان لێ کردم وەکوو ئەوەی بلێی بەدوای شتێکدا دەگەڕان تاوەکوو تاوانبارم بکەن."

ئاسایشی دەمامکدار و چەکبەشان هاتنە ماڵەکەمەوە، دەستیان بەستم و چاوبەستوویان کردم. سێ ماشینمان گۆڕی و دوای ئەوەی شەو گەیشتینە «دهۆک»، لە زیندانی تاکەکەسی زیندانیان کردم. داوای بڕیاری دەستگیرکردنم لە لایەن دادگەوە لێ کردن بەڵام هیچیان پێ نەبوو."

"سێ ئەندامی دەستگیرکراوی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیان بێکێشە ئازاد کرد دوای چەند کاژێرێک."

"بە بەرچاوی خێزانەکەمەوە دەستگیر کرام بەڵام بۆ یەک هەفتە بێئاگا بوون لە شوێنی زیندانیکردنم. بەشێوازێکی زۆر توندڕەوانە دەستگیریان کردم و ئەوەش خێزانەکەمی نیگەران کردبوو دەربارەی سەلامەتیی من."

زیندانیکراوەکانی خۆپیشاندانەکانی «شیلادزێ».

## ڕێوشووێنە یاساییەکان

لەسەرەتادا هەموو زیندانییەکان بەپێی مادەی ١٥٦ـی یاسای سزادانی عێراقیـ١١١ی ١٩٦٩ تاوانبار کرابوون کە دەڵێت:

> *هەر کەسێک کە بە ویستی خۆی کارێک دەکات بە مەبەستی پێشێلکردنی سەربەخۆیی یان یەکڕیزیی وەڵات یاخود ئاسایشی خاکەکەی، یاخود ئەگەر ئەو کارە لە بنەڕەتدا ببێتە هۆی وەها پێشێلێک سزا دەدرێت بە زیندانی ئەبەدی* [~~مردن~~].[2]

ئەو جۆرە تاوانە مردنی بەدواوە بوو و زۆربەی زیندانیکراوەکانیش باوەڕیان پێ هێنرابوو کە ئێستەش مردنی بەدواوەیە.

ئەو پارێزەرانەی لەسەر ئەو کەیسە کار دەکەن، باوەڕیان وایە کە ماددەکە پەیوەندە بە هێرشی دەرەکی بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمان. لە کەیسی زیندانیانی بادینان بە چەوتی بەکار هێنراوە. بۆ سەرجەم دەستگیرکراوەکانی «شیلادزێ» (١٩ کەس) توانیان ڕێگە بگرن بە شێوازی تاوانبار کردنەکەیان و یاسای پەرلەمانی کوردستانی ژمارە ١١ی ٢٠١٠ شوێنگیر کرا.[3] زیاتر، بە هەوڵی گرووپی پارێزەرە دڵخوازەکان،[4] کەیسی شەش زیندانیکراوی «دهۆک» داخران. بەپێچەوانەوە، شەش زیندانییەکەی دیکەی «دهۆک» تاوەکوو ئێستەش کەیسەکەیان لە دادگەیە و تاوانبارن بە ماددەی ١٥٦ی عێراق و توانای گەشتکردنیان نییە بۆ دەرەوەی وەڵات بەهۆی تاوانبارکردنەکەیان.

پێنج بۆ دە ڕۆژی پێ چوو تاوەکوو پارێزەرەکان بەفەرمی ڕێگەیان پێ درا بەرگری لە زیندانییەکان بکەن. سەرەڕای هەبوونی مۆڵەت بۆ بەرگریکردن لە زیندانییەکان، شەش لە زیندانییەکان نەیانتوانیبوو دیدار لەگەڵ پارێزەرەکان ئەنجام بدەن بۆ سەرجەمی ماوەی زیندانییەکەیان.
بەپێی گوتەی پارێزەرەکان، سەرجەم لێکۆڵینەوەکان لە لایەن ئاسایشەوە لەپشت دەرگە داخراوەکانەوە ئەنجام دران بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکان. کۆمەڵێک پێشلکاریی دیکەش ئەنجام درابوون لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییەکان، هەر لە کاتی دەستگیرکردن بۆ دۆخی ناو زیندان و کاتی ئازادکردنیان.

> "هەرچەندە یاسای ١٥٦ ڕێگە بە ئازادکردنی بەکەفالەتی تاوانباران دەدات، ئەوان داواکەی ئێمەیان ڕەت کردەوە."
> "من تەنها پارێزەرەکەم بینی، بەڵام ڕێگەیان نەدام قسەی لەگەڵ بکەم."
> "سوود لە هەموو یاسایەک وەردەگرن بەوانەی سەردەمی سەدامیشەوە و بەکاریان دێنن لەدژی هاوڵاتییەکانیان."
>
> زیندانیکراوەکانی کۆبوونەوە جەماوەرییە پلان بۆ دانراوەکەی «دهۆک».

## ئازادکردن

ئەو زیندانیکراوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دراوە نیگەرانیی خۆیان دەربڕی لەنەبوونی پرۆسەیەکی دیار تاوەکوو پشتی پێ ببەستن. دڵنیا نین لە هۆکاری لەناکاوی ئازادبوونەکەیان و نیگەرانن لە هەر هەنگاوێکی دیکە کە لەوانەیە دادگە لەدژیان بگرێتە بەر.

---

[2] یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە ١١١ی مانگی ٧ی ١٩٦٩. دەتوانین لەڕێگەی ئەو لینکەوە بیخوێننەوە. ("سزای لەسێدارەدان ڕاگیراوە لەڕێی بڕیاری ژمارە ٧ی سی پی ئەی بەشی ٣(١) و سزای زیندانی ئەبەدی شوێنی پێگیراوەتەوە. دواتر خرابەوە کار لەڕێگەی بڕیاری ٣ی ٢٠٠٤ بۆ کۆمەڵێک تاوانی سنوردار بەڵام ئەوە تاوانانە لەخۆ ناگرێت").

[3] یاسای پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ١١ی ٢٠١٠، یاسایەک بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە کوردستانی عێراق، لەو لینکەوە دەتوانن بیخوێننەوە.

[4] هەموو زیندانیکراوەکان لەکۆتاییدا لەلایەن کۆمەڵێک پارێزەری دلخوازەوە نوێنەرایەتیان دەکرا بەسەرپەرشتی خەتاب عومەر. لەبەر نوێنەرایەتی کردنی زیندانیەکان، دەسەلاتدارانی سیاسی ڕێگە نادەن پارێزەرەکان کاری نوێ وەربگرن.

تا ١١ـی مانگی ٣ـی ٢٠١٩ هەموو زیندانییەکان ئازاد کرابوون، بەڵام زۆربەیان کەیسەکانیان هەڵپەسێردراون. لە ئێستەدا شەش لەو کەیسانە کراوەن، بەبێ دیاربوونی ڕۆژانی دادگەیان.

"دواتر پێیان گوتم کە ئازادم دەکەن بەهۆی پەیوەستی سیاسیمەوە."

"من دڵنیا نیم لە چۆنیەتی ئازادبوونم. پێیان گوتم کە ئازادبوونم پەیوەندی بە نەورۆزەوە هەبووە، نەوەک بە هەوڵی پارێزەر و ڕێکخراوەکانەوە."

"دادوەر گوتی، ئێمە ئازادتان دەکەین چونکە گوشارێکی زۆرمان لەسەرە و ڕای گشتیش لایەنی ئێوەی گرتووە. دەیانویست بەڵێنم لێ وەرگرن کە لەهیچ خۆپیشاندانێکی دیکە بەشدار نەبم."

زیندانیکراوەکانی کۆبوونەوە جەماوەرییە پلان بۆ دانراوەکەی «دهۆک».

## بارودۆخی زیندان: ئەشکەنجەدان، هەڕەشە و زۆرەملێ

دۆخی زیندان بۆ زیندانیان بەپێی شوێنەکە دەگۆڕا. دەستگیرکراوان زیندانی کرابوون لە شوێنی جیاواز، بەوانەشەوە کە لە زیندانی ئاسایش یان شارەدارییەکان بوون و دووانیش لەوانەی لە زیندانی تاکەکەسیدا بوون.
لەماوەی زیندانیبوونیان، دوو لە دەستگیرکراوانی «شیلادزێ» و سێ لە دەستگیرکراوانی «دهۆک» دەستیان کردبوو بە مانگرتن لەخواردن بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بۆ نارەزایەتیدەربڕین بەرانبەر بە زایندانیکردنیان بەبێ بڕیاری دادگە.

"من لە زیندانی تاکەکەسی لەگەڵ دوو کەس کە گومانی داعشبوونیان لەسەر بوو دانرابووم. سارد بوو و تەنها یەک بەتانیم لە لا بوو."

"بێڕیزییان پێ کردین و زیندانییان کردین لەگەڵ ئەندامانی داعش و تاوانکارەکانی دیکە."

زیندانی تاکەکەسی زۆر ناخۆش بوو. دوای بەتانییەکی زیادەم کرد، چونکە زۆرم سەرما بوو. دوو بەتانیم لەژێر بوو و دوانیشم بەسەرخۆم دادابوو. پانکەیەکی لێ بوو کە بە بەردەوامی کاری دەکرد و بەهێواشی مێشکی تێک دەدام. گوتیان کە ئەوە زیندانی تاکەکەسی پارێزراو بوو لە شەڕکەرانی داعش.. خۆزگەم دەخواست کە ئەشکەنجە درابام لەبری زیندانی تاکەکەسی."

"لەکاتی لێکۆڵینەوە، ناچاریان کردم سەرم دابنەوێنم بۆ خوارەوە، لێیاندام و بێرێزییان پێ کردم."

زیندانیکراوەکانی کۆبوونەوە جەماوەرییە پلان بۆ دانراوەکەی «دهۆک»

"لەکاتی لێکۆڵینەوە لە سک و پشتیان هەڵ دەدام."

زیندانیکراوەکانی خۆپیشاندانەکانی «شیلادزێ».

### هەڕەشە و زۆرەملێ

زیندانیکراوان بە بەردەوامی هەڕەشەیان لێ کرابوو لەکاتی لێکۆڵینەوە، تەنانەت هەڕەشەی ژیان و بژێوییان لێ کردبوون. زۆرەملێ لە زیندانییەکان کرابوو لە لایەن لێکۆڵەرەکانەوە تاوەکوو ناچاریان بکەن دان بە شتێکدا بنێن کە ئەنجامیان نەدابوو، بەڵێنیان لێ وەربگرن کە کاری چالاکوانی مەدەنێتیان بوەستێنن یان ببن بە ئەندامی پارتی دەسەڵاتدار. کەسوکاری

زیندانیان ناچارکرابوون گوشار بخەنە سەر زیندانییەکان تاوەکوو واز لە پیشەی چالاکوانیان بهێنن. سەردانیان کردبوون لە زیندان و لێیان پاڕابوونەوە چالاکییەکانیان بوەستێنن لەپێناو ساخڵەیمی خێزانەکەیان.

"هەڕەشەیان لێ کردین و پێیان گوتین (ئاسایش) کە دۆکیۆمێنتی ئێمەیان لەبەردەستدایە و بڵاویان دەکەنەوە. هاوشێوەی تۆقاندنە. پێمان وایە ئەوە بۆ سنوردارکردنی بژاردەکانمانە تاوەکوو بەشداری چالاکیی دیکە نەبین."

"ئاسایش تێپەڕوشەی فەیسبووکی منیان گۆڕی تاوەکەو هیچی دیکە دەستم پێی ڕانەگا."

"هەموو ناسنامەکانی منیان دەست بەسەردا گرتووە. ئێستە ناتوانم بەئازادی بجووڵێم."

"خزمێکی من کۆمپیۆتەرەکەمی بردبوو بۆ ئاسایش و چیرۆکێک کە ئەو کات سەرقاڵی نووسینی بووم ئێستا بەکار دێت لە لێکۆڵینەوەکە لەدژی من. ئیدی ناتوانم کار بکەم."

"ئەو کەسەی سەرپەرشتیی لێکۆڵینەوەکەی دەکرد چوار جار تەلەفۆنی بۆ کردووم لەو کاتەی ئازاد کراوم، پێم دەڵێت ئەوە بکە و ئەوە مەکە و هاورێ بە لەگەڵ ئەو و هاورێ مەبە لەگەڵ ئەو."

"کەسوکاری منیان بەکار هێنا تاوەکوو هەوڵ بدەن و ناچارم بکەن بەڵێننامەیەک واژۆ بکە بۆ ئەوەی چالاکییەکانم بوەستێنم."

زیندانیکراوەکانی کۆبوونەوە جەماوەرییە پلان بۆ دانراوەکەی «دهۆک».

"حکومەت پارێزگاریی لە ژیانم ناکات. هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردووم."

"بە کەفالەت ئازادیان کردم. ئێستە چاودێری فەیسبووکەکانمان دەکەن و پەیوەندیمان پێوە دەگرن."

"مانگێک و یەک ڕۆژە ئازادکراوم و لەو کاتەوە تا ئێستە هەموو ڕۆژێک پەیوەندییان پێوە گرتووم و هەڕەشەیان لێ کردوم."

"کارتەکانی نێشتەجێبوونی منیان بردووە و تا ئێستا نەیانگەڕاندۆتەوە. منداڵێکم لە نەخۆشخانەیە، بەڵام ناتوانم سەردانی بکەم چونکە کارتی نێشتەجێبوونم پێنیە.'

زیندانیکراوەکانی خۆپیشاندانەکانی «شیلادزێ»

## هەڕەشە و چاودێری دوای ئازادبوون لە زیندان

لەو کاتەوەی ئازاد کراون، زۆربەی زیندانیکراوەکان لە لایەن ئاسایشەوە هەڕەشەیان لێ کراوە و پێیان گوتراوە کە دەتوانرێت بەئاسانی بیانکوژن، ڕێگەی کارکردنیان لێ بگرن و دووبارە دەستگیریان بکەنەوە. ئاسایش گوشاری خستبووە سەر کەسوکاری زیندانییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیان بەکارهێناوە تاوەکوو وەها لە زیندانییەکان بکەن واز لە چالاکیی سیاسی بهێنن. هەندێک لە زیندانییەکان پێیان گوترابوو سەردانی یەکێک لە بارەگەکانی پارتی دەسەڵاتدار بکەن لە ناوچەکەی خۆیان. زیندانییەکانی دیکە پێیان گوترابوو دەبێت شوێنەکە بەجێ بهێڵن ئەگەر هاتوو بانگەشە یان نیازی

ئەوەیان هەبێت ببنە ئەندامی پارتی سیاسی دیکە جگە لە پارتی دێمۆکراتی کوردستان،[5] وە مافی مانەوەیان نەدەبوو لە «شیلادزێ». ئاسایش چاودێری زیندانیکراوەکانیان دەکرد کاتێک ڕێکخراوی تیمەکانی بونیادنانی ئاشتی مەسیحی قسەی لەگەڵ کردن لە ٢٠١٩. هەم لەماڵەوە و هەمیش لەسەرکار چاودێریی دەکرێن، هەروەها چاودێریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هۆیەکانی دیکەی پەیوەندییان دەکەن.

"بەرپرسی ئاسایش پێی گوتم کە ئەوە دواجارە دەستگیرت دەکەین، جاری داهاتوو دەتکوژین."

"پێیان گوتم، "ئەگەر بەڵێن بدەی چالاکییەکانت بوەستێنیت ناتنێرین بۆ دادگە و ئازادت دەکەین."

"لەژوورێکی تاریک دایاننام بۆ لێکۆڵینەوە و چاوبەستوویان کردبووم. پێیان گوتم کە واز بێنم و ببمە ئەندامی پارتی دێمۆکراتی کوردستان یان پارێزگەی « دهۆک» بەجێ بهێڵم. کاریان دەکرد تاوەکوو دان بنێم بە بردنی خەڵک بۆ سەر بارەگەی تورکیا لە «شیلادزێ»."

"ئاسایش پێی گوتم ئەگەر واز نەهێنم (لە چالاکییەکانی جڤاکی مەدەنی) دەمکوژن و هیچ ڕێکخراوێکیش ناتوانێت هیچ کارێک بکات."

"دوو ڕۆژ دوای ئازادبوونم، هاورێ و هاوبەشە بازرگانییەکەم دەستبەسەر کرابوو لە لایەن دەزگەی پاراستن (دەزگەی زانیاری پارتی دێمۆکراتی کوردستان). لێیان دابوو و لە تەوالێت زیندانیان کردبوو، هەروەها پێشیان گوتبوو کە دەبێت واز لەکارە بازرگانییەکەی بێنێت لەگەڵ من."

زیندانیکراوەکانی کۆبوونەوە جەماوەرییە پلان بۆ دانراوەکەی «دهۆک»

"هەوڵیاندا گوشارم بخەنە سەر تاوەکو نامەیەک واژۆ بکەم کە دانپێدانانی منی دەردەخست بۆ ئەنجامدانی کارگەلێک کە ئەنجامم نەدابوون. لەکاتی لێکۆڵینەوەکە، هەڕەشەیان لێکردم و گوتیان 'جارێکی دیکە بەشێوازێکی جیاواز دیدارت لەگەڵ ئەنجام دەدەین.' مەبەستیان ئەوەبوو ئازارم دەدەن. نیگەرانم هەیە لەژیانی خۆم."

"هەڕەشەی ڕاگرتنی مووچەکەیان لێ کردم (لە کارەکەمدا)، من خاوەن پێداویستیم و توانای ئەنجامدانی کاری دیکەم نییە."

زیندانیکراوەکانی خۆپیشاندانەکانی «شیلادزێ».

## دەرئەنجام

کارەکانی هێزە سەربازییەکان لە کەیسی زیندانییەکانی بادینان هێرشە بۆسەر مافە مەدەنییەکان. ئەو ڕاپۆرتە پەیوەندبەند نییە بە هۆکارەکانی دەستگیرکردنی زیندانییەکان، بەڵکوو بە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لەچۆنیەتی پرۆسەی دەستگیرکردن، لێکۆڵینەوە، زیندانیکردن، ئازادکردن و چاودێریکردنی زیندانیکراوەکان. ئەوە پێشێلی بەڵێنی پابەندبوونی عێراق و کوردستانی عێراقە بە ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەییە لەسەر مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە عێراق بووە بەشێک لێی لە ساڵی ١٩٧٦.[6] شکشتەکەیان بە جوانی لە مادەی ٩ـی

[5] پارتی دێمۆکراتی کوردستان، پارتی دەسەڵاتدارە لە پارێزگەی دهۆک کە شیلادزیش لەخۆ دەگرێت، بەهەمان شێوە لە هەولێریش دەسەڵاتدارە.

[6] treaties.un.org/doc/publication/unts/volume%20999/volume-999-i-14668-english.pdf

ڕێکەوتننامەکە دەردەکەوێت کە دەڵێت خەڵکی نابێت بە هەڕەمەکی دەستگیر بکرێن، دەبێت ئاگەدار بکرێنەوە لە کات و هۆکارەکانی دەستگیرکردنەکەیان و دەبێت لەکاتی خۆیدا ببرێنە بەردەم دادوەر. هەروەها، لەمادەی ٢١ـیشدا مافی کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانە دەستەبەر کراوە، بەڵام ئەوە ڕێگەی پێ نەدرا لە کۆبوونەوە جەماوەرییە پلان بۆ دانراوەکەی «دهۆک» و بەر لەوەی کۆبوونەوەکە دەست پێ بکات خەڵکی سڤیلیان دەستبەسەر کرد. مافەکانی ئازادی، مامەڵەی مرۆڤکار و دادگەری دادپەروەرانە لە یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ دەستەبەرە کە دەنگی بۆ داوە لە ساڵی ١٩٤٨.[7]

لە یاساکانی عێراق و کوردستانی عێراقدا، ئەو مافانە دەستەبەرن. بەکارهێنانی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی قەدەغەکراون[8] مەگەر بە بەڵگەی دیکە سەلمێندرابێت.[9] هەروەها بەگوێرەی یاسای تاوانکاری،[10] هەموو ئەو کەسانەی تاوانبارکراون مافی ئەوەیان هەیە لەماوەی ٢٤ کاژێردا دادوەرێکی لێکۆڵەر ببینێت، مافی بێدەنگی هەیە، مافی وەڵام نەدانەوەی پرسیاری هەیە و مافی هەبوونی پارێزەری هەیە بەدرێژایی پرۆسەیی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنەکەیدا. ئەو مافانە گرنگن بۆ دڵنیابوون لە دیموکراسییەکی ئازاد و ساخڵەم.

زۆربەی ئەوانەی دیداریان لەگەڵدا ئەنجام دراوە نیگەرانیی خۆیان دەربڕی لەوەی کە هۆکاری بەئامانجگرتنەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی پێشووتریان لەگەڵ جڤاکی مەدەنی و ڕۆژنامەی ئازاد. جڤاکی مەدەنی چالاک و بەشدار زۆر گرنگن بۆ جڤاکێکی دیموکرات و پێویستە بپارێزرێت، نەخرێتە ژێر هەڕەشە و زۆرەملێی لێ نەکرێت.

کارەکانی دەسەڵاتداران پەیوەند بە زیندانیکراوەکانی بادینان نیگەرانیی لێ دەکەوێتەوە لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کە پێڤاژۆگەلی دیموکراتی لاواز دەکات.

ڕێکخراوی تیمەکانی بوونیادنانی ئاشتی مەسیحی لەکوردستانی عێراق داوا لە حکوومەت و هێزە سەربازییەکان دەکات لە عێراق و کوردستانی عێراق مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان بپارێزێت بۆ ئەوەی جڤاکێکی دادپەروەر و ساخڵەم بوونیاد بنرێت.

---

[7] www.ohchr.org/Documents/Publications/Compilation1.1en.pdf

[8] یاسای سزای عێراقی، ژمارە ١١١ی ١٩٧١، مادەی ٣٣٣ و یاسای تاوانی عێراق، ژمارە ٢٣ی ١٩٧١، مادەی ١٢٧ و ٢١٨.

[9] یاسای دژە تێرۆری کوردستانی عێراقی ژمارە ٣٦ی ٢٠٠٦، مادەی ١٣.

[10] یاسای تاوانکاری ژمارە ٢٣ی ١٩٧١، مادەی ١٢٣(ب)، ١٢٦ (ب) و مادەی ٥٧.